# پازدەی ئاب،رۆژی هەڵوێستی سەربەخۆخوازی و وڵاتپارێزییە

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**

**سەربەخۆخواز و رزگاریخوازان!**

**ئەندام و لایەنگرانی رزگاری!**

هەموومان لە بیرمانە کە رۆژی ١٥ی ئابی ١٩٩٣ لەنێو کێشەو گرفت و ئاڵۆزیەکاندا، حزبی رزگاریی کوردستان یەکەمین راگەیاندراوی خۆی بڵاوکردەوەو بەڵێنی بە جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان دا کە رێبازی سەربەخۆخوازی بە ئاوەدانی دەمێنێتەوەو دیفاکتۆی داسەپاو کە بەرە دوو سەنگەری دژ بەیەک هەنگاو دەهاوێژێ لە قاو دەدات. مخابن ئەوێ رۆژێ کرۆکی ئەو پەیامە بە ئاسانی نەدەخوێندرایەوە، تەنانەت لێی تێنەدەگەیشتن و بەناموّیی لێیاندەروانی، بەڵام حزبی رزگاریی کوردستان پەی بەو راستیە بردبوو کە لە داهاتوویێکی نزیکدا ئاگری شەری نێوەخۆ تەرووشک پێکەوە دەسووتێنێ و گورزێکی کاریگەر لە دەستەکەوتەکانی راپەرینی بەهاری ١٩٩١ دەدات و ئەو سەرکردایەتیە وڵات بەرەو ماڵوێرانی و کارەسات دەبات. دوای تێپەربوونی بیست و پێنج ساڵ، ئیدی ئەو راستیە بۆ هەمووان ئاشکرا بووە کە حزبی رزگاری زۆر بە وردی هاوکێشەکانی داهاتووی خوێندبۆوەو هەڵسەنگاندنی راست و دروستی بۆ کردبوون. هەرئەمەش وایکرد پێداگری لەسەر ئۆپۆزیسیۆنبوون بکات و لایەنگری لە دوو سەنگەرەکەی شەری نێوخۆدا نەکات، بەوهۆیەشەوە دەستەلاتداران گوشاری جۆراوجۆریان داسەپاند، چەندین سیناریۆیان بۆ لەتبوون و هاوێرکردن دارشت و لە بودجەی حزبەکان بێبەشیان کرد. لێبڕاوانە درێژەیان بە فۆتۆکۆپیکردندا کە تا ئەمرۆش دەستبەردار نەبوون و هەر رۆژەی کەسێک قوت دەکەنەوەو دەیانەوێ لەو رێیەوە هەڵوێستەکانی حزبی رزگاریی کوردستان بشێوێنن و بە ئاوەژوو پێشانی بدەن. راستیەکەی بەهۆی رەوشی تایبەتی کۆمەڵی کوردەواری و گوشارە هەمەرەنگەکانی دەستەڵات و نەبوونی سەرچاوەیەکی دارایی، حزبی رزگاری نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەرکەکانی خۆی راپەرێنێ و بە ئامانج بگات، بەڵام بەهۆی سووربوون لەسەر بێلایەنی و کارکردن وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن و پاراستنی سەربەخۆیی بریاری سیاسی، مێژوویێکی پاک و بێگەردی بۆ خۆی و کوردستانیان تۆمار کردووەو بێپسانەوەش درێژە بە خەباتی رزگاریخوازی و یەکسانیخوازی خۆی دەدات.

لە ساڵرۆژی راگەیاندنی رزگاریدا کە ئاور لە مێژووی دەستەڵاتی خۆماڵی دەدەینەوە، بە داخبارییەوە دەڵێین کە دەستەڵاتداران بەهۆی گیانی خۆسەپاندن وپاوانکاری و

هەرزانفرۆشـکردنی بەهـای نەتەوەیـی و نیشـتمانی، ئەمـرۆ باشـووری کوردسـتان لەنێـو قەیـران گەلێکـی یەکجـار قوڵـدا تەکـان دەدات، چـونکە دەسـتەڵاتداران بە درێـژی سـاڵانی فەرمـانڕەوایەتی خۆیـان لە بەدامەزراوەییکـردن دزیـوەتەوە، گەنـدەڵیان سەرپشـک کـردوەو پۆسـتیان بـۆ کەسـەکان بەڕادان داوە! سـەروەت و سـامانی نیشـتمانیان بـۆ خۆیـان مۆنۆپـۆل کـردووە، بێباکـانە پێوەنـدیان لەگەڵ داگیرکـاران قـوڵترکردۆتەوەو گورزیـان لە بزاڤـی رزگـاریخوازی پارچەکـانی دیـکەی کوردسـتان داوە. هەر بەهـۆی سیاسـەتی ئەوانەوە چەمکـی حزبـایەتی و وڵاتپـارێزی کەمڕەنـگ و بێواتـا بـۆتەوە. بە درێژایـی ئەو مـاوەیەدا سـڵیان لە خنکانـدنی دەنگـی ئـازادو و تیرۆرکردنـی رۆژنامەوانە بوێرو ئازاکان نەکردۆتەوە.

جەمـاوەری باشـووری کوردسـتان بە دەسـت ئەم دەسـتەڵاتەوە گیـری خـواردووە، دەسـتەڵاتداران گـوێ لە داخوازیەکـانی خەڵـک نـاگرن، نـرخ و بەهـا بـۆ رێپێـوان و نـاڕەزایەتی خەڵـک دانـانێن، بێباکـانە دەنـگە ناڕازیەکـان سـەرکوت دەکەن و درێـژە بەسـتەمکاری دەدەن. تەنـانەت هەڵبـژاردن لە راسـتی خـۆی داچـۆڕدراوەو بـۆتە گەمەی فریـودانی جەمـاوەرو چەنـد سـاڵێک جارێـک وەک قەوانێکـی سـواو لێـدەدرێتەوەو هـیچ گۆڕانکـارییێکیش بەدی نـاکرێ. بەهـۆی سیاسـەتی تەسـکی حزبـایەتیەوە، بەهـۆی سیاسـەتی پـاوانخوازی و کـورتبینی بەرپرسـەکانەوە، هەم باشـووری کوردسـتان بەرەو نادیـاری هەنگـاو دەهـاوێژێ، هەمـیش تەنگـژەو قەیرانەکـان رۆژ لە دوای رۆژ گەورەتـر دەبـنەوە. ئیـدی کـاتی ئەوە هـاتووە کە جەمـاوەری کوردسـتان کـارتی سـوور بە ڕووی دەسـتەڵاتی گەنـدەڵ و سـتەمکار بەرزبکـاتەوە و دادگەی گەل لێپرسـینەوە لەوانە بکـات کە سـەرمایەی ئەو هەرێـمە هەڵدەلوشـن و دەسـتیان بەسـەر قـوتی خەڵـک داگرتـووە و بازرگـانی بە خوێنی شەهیدانەوە دەکەن و هاوکاری سوپای داگیرکاران دەکەن.

لە سـاڵیادی راگەیانـدنی رزگاریـدا، پیرۆزبـایی لە وڵاتپـارێزو سـەربەخۆخوازان دەکەیـن و سـڵاوی ئەمەک و وەفـاداریش بـۆ گیـانی پـاکی شـەهیدانی رێـی رزگـاری و سـەربەخۆیی دەنێـرین، پەیمانیـان بـۆ دووپـات دەکەیـنەوە کە تـا گەیشـتن بە نیشـتمانێکی سـەربەخۆو کـۆمەڵگەیەکی بەخـتەوەر رێیـان پڕ رێبوار دەمێنێتەوە و کاروانی تێکۆشان درێژەی دەبێ.

**شکۆدار بێ ١٥ی ئاب، ساڵرۆژی راگەیاندنی رزگاری.**

**سەرکەوتوو بێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی بە ختیاردا.**

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی رزگاریی کوردستان**

**١٥-٨-٢٠١٨**